# جاک دریدا
## زمان و ئەرگیومێنت

ئا: شاسوار کەمال مەحمود



**دەربارەی زمان و واتای وشەکان**

جاک دریدا وەک فەیلەسوف، دژە فەیلەسوف، تیۆرستی ئەدەبی، تێکشکێنەری ئەدەبی و نوکتەبازی فەلسەفی ناسراوە. لەگەڵ ئەمانەشدا باوەڕ و بۆچوونە سەرەکیەکانی دیار و ناسراون. دریدا پێیوایە کاتێک ئێمە زمان بەکار دەهێنین ( ئاخاوتن یاخود نووسین) بۆ ئاماژە دان بە واقع، ئەو واقعە لە رووی زمانەوانییەوە فۆرمەلە دەبێت ئەگەرنا، ئەو واقعە نەزانراوە.

بە بۆچوونی ئەو مانا شتێک نییە کە پێشتر لەناو بیری مرۆڤدا بوونی هەبێت، کە ئێمە هەوڵ دەدەین دەری ببڕین. دریدا، پێچەوانەی قوتابخانەی شیکاری فەلسەفەی زمان لە هیوم بەدواوە و پێچەوانەی سۆسێر، پێی وانیە کە وشەکان دەربڕی ئایدیاکان بن.

بیرۆکەی دووەمی دریدا بریتیە لەوەی وشەکان هیچ بناغەیەکیان نیە، نەک وەک تێگەیشتنی ئوستن کەمانای وشەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر(ئاخاوتن) یان گریس بۆ سەر(مەبەست)، یان فرێج بۆ سەر(ناونان) هەروەها چۆمسکی بۆ( رێزمانی قوڵ) یاخود ویتگنشتاین بۆ سەر( بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی). بە بۆچوونی دریدا ئێمە ناتوانین لە مانای وشەکان بگەین تەنها بەهۆی پەیوەندیانەوە نەبێت لەگەڵ یەکتریدا.

فەیلەسوفانی قوتابخانەی شیکاری فەلسەفەی زمان زۆر قورسایی دەخەنە سەر: مانا، راستێتی و، باوەڕەکان. دریدا پێیوایە هەندێك لە فەیلەسوفە شیکارییەکان بواری کارکردنیان زۆر تەسک و هاوکات زۆر خود سەنتەر بووە.



گۆڤارێکی فکرییە، دەزگای والا دوو مانگ جارێك دەریدەکات

کاری دریدا بریتیبوو لەوەی بیسەلمێنێت: دەقەکان، دامەزراوەکان، عادەتەکان، کۆمەڵگەکان، باوەڕەکان، جێبەجێکردنەکان... مانایەکی دیاریکراویان نیە و هەمیشە ئەو سنووره تێدەپەڕێنن کە بۆیان دیار کراوە.

بە بۆچوونی ئەو زمان بریتیە لە سیستمێکی داخراو کە لەچەند هێمایەك پێکهاتووە. زمان سەنتەر و لۆجیك و تێگەیشتنی نیە. هەروەها هیچ هەڵسوکەوتێکی کۆمەلآیەتی ناتوانێت زەمینەیەك بۆ زمان دابین بکات. ئەمەش واقعە سەرەتاییەکەیە. دریدا لە ئاماژەدان بە بۆچوونەکانی مەبەستی نەبووە سیستمێکی فەلسەفی دابمەزرێنێت، ئەو تەنانەت دژی سیستمێکی لەو جۆرە بووە و حەزی بە دنیای ئەکادیمی نەبووە. بۆ زانینی ئەو راستیەش لە گفتوگۆیەکی بەناوبانگدا لەگەڵ جۆن سێرل ئەو پێداگیری لەوە دەکات، کە مەبەستی سەرەکی لەو دیبەیتە بریتیە لە روونکردنەوەی ئەو بیر تەسکیەی دەربارەی مانا هەیە و بە پێچەوانەوە هیچ مەبەستێکی جدی ئەکادیمی مەبەست نیە.

## شێوازی ئەرگومێنتی جاك درێدا

لەگەڵ پیادەکردنی زۆربەی دیسپلینەکان، هەڵوەشاندنەوە بۆتە ڕێبازێك بۆ خوێندنەوە و شیکردنەوەی هەردەقێك. خوێننەوەی دەق دەبێت ئازاد و بەچێژ بێت، لەهەمان کاتدا دەبێت ئەدائێکی داهێنەرانە بێت. هەڵوەشاندنەوەی ئەدەبی ئەمە دەکات_ هاندانی دەقەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی خۆیان، بۆ تێکدانی مانا نەگۆڕەکان. ستراتیژەکانی ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیەش لەهەر ئەرگومێنتێکدا بریتین لە مانەی خوارەوە:

1- وەك کەیسێکی گشتی دەستپێکردن بەوەی کە هەموو یاخود هەندێك لە مانا روون و ئاشکرا نییە. بۆ پێدانی رەسەنایەتی پێویستە هەندێك نارۆشنی و لێڵی لە نووسینەکەدا هەڵبگۆزرێت.

2- دوو واتایی یاخو پێچ و پەنایی، دوو واتایی بە نمونە دەکرێت، گرفتی سەرەکیش بریتی دەبێت لەوەی واتا سیاسیەکان بەردەوام و زووتر هەڵدەبژێردرێن.

3- ستراتیژی پەراوێزکردنی وشەکان لەتەواوی دەقەکە پاشان دیاریکردنی نارۆشنی بەوەی کە وشەکان بەچەندین شێوازی جیاواز بەکار دەهێنرێن.

4- تاریکی واتا، بەشێوەیەك واتای سەرەکی زۆر زۆر نادیار دەبێت.

5- پیشاندانی بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەکان کە خوێنەر بەرەو قولآیی راپێچ بکەن.

6- بەکارهێنانی ستراتیژی ئەبستراکت ئەویش لە رێگای لابردنی : کێ، کەی، چۆن... و ئاڵوگۆڕکردنی بە هێزی نا شەخسی و کلتورییەکان.

7- تێوەگلاندنی مانا لە وشەکان بەشێوەیەك رێگە خۆش بکات بۆ زیاتر شیکردنەوەی واتای وشەکان و ئەم شیکردنەوەیەش پرۆسەیەکی بەدەوام دەبێت.

سەرچاوە:
http://www.textetc.com/theory/derrida.html

